**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥١١٤ لە ٢٠١٧/١١/٢٦**

## بڕیاری
## ژمارە (١٢١)ی ساڵی ٢٠١٧

**پشتبەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/٢٠، بڕیاردرا بە:-**

**١- ڕاگرتنی دانان و دامەزراندن و لە بریدانان بۆ مووچەخۆر (نشر و فصل) لە گشت بوارەکان کە پارە لە بودجەی گشتی وەردەگرێت لەژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت، و بە هەر شێوەیەك لە (مووچە، دەرماڵە، بەخشین، هاوکاریی، خانەنشینی، مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مووچەخۆری مەدەنی و سەربازیی و هێزەکانی ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و مووچەخۆری هەمیشەیی و کاتی و گرێبەستیشەوە)، لە کاتی چۆڵبوونی میلاکی هەر مووچەخۆرێك بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ پاساوێکدا جێگەکەی پڕناکرێتەوە، و هەر بڕیار و فەرمانێکیش بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دەربچێت کاری پێناکرێت و بە هەڵوەشاوە دادەنرێت و ئەو کەسەشی بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دادەنرێت هیچ مافێکی ناکەوێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە.**

**٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**٣- وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت بەپێی پێویست و بە هەماهەنگی فەرمانگەی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات.**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**